# ئێوارەیەك لەوێ .. لای هەناسەكانی دایكم

دەمم پڕە لەتامی ئاشنایەتی

ئەسەف ڕەنگم غەرقی غەریبییەكی قوڵە ..

نیوەڕۆیەك قەدەری بێدەنگییەك

ڕێگەم لێ وندەكاو

وردە بەردی ئەم كۆڵانانەش

یاری بەتەوێڵم دەكەن ..

ببورە دایكە ناگەمەوە لایتۆ

چەند دوورم لێتەوە

سەدەیەك دوورتر لە(ئەو) ..

لە میرووەكانی قەد بێشكەكەی منداڵیم

كەوا نەت ئەهێشت پڕ بەحەزی

ئەم سەرە بێسەودایەم یارییان پێبكەم

نەبا دەنگەدەنگی شێتانەی من

باوكم لەخەوێكی قوڵ هەڵبسێنێت

ئەو توڕەیە لێمان ..

چاوەڕوانم بە ..

بەیانییەك دەگەڕێمەوەو

نازانم كاغەزەكەم بێنمەوە

كەسكێچی خوێنی شەهیدێكم تیا نەخشاندووە ..

منداڵێك دەگریو

بیرم دەچێت من شاعیرم

گەڵایەك وەریوەو

من بۆنی گوڵێك لوتی پڕكردووم ..

لەتاریكایی بەیانیەكدا دەگەڕێمەوە

كەئەدرەسی هەموو خانەقاكانی شارم لێ ونبێت ..

دەچمە سەربەردەنوێژێكوو

دوعاكانی گەڕانەوەت بۆ دەخوێنم ..

شەوێك لەتەنیایدا دمرمو

هاوڕێکەم گاڵتەم پێدەکات ..

یا ببورە ..

چیرۆکەکان مەحزونترن لەمردنی منو

تورەیی ئەوانو بێباکی ئەم ..

بەیانییەك دەگەڕێمەوە

مشتێك لەخۆڵی ئەو بیبانە دەڕێژم

لەبەردەم کۆڵانەکەماندا

کە عەیامێکە منداڵیمی تێدا ون بووە..

پەردە کوللەی سەرماڵی خۆمان لادەدەمو

گویٚ لەگریانەکانی براکەم دەگرم ..

بەیانییەك هێشتا دایکم

لەخوێندنەوەی ویردەکانی نەبووەتەوە ..

من بەلێدانی دەرگای (حەوشە) ڕایدەچەڵەکێنم ..

باوکم لەبەر هەنیسکەکانی ناپەرژێت

دەرگام لێبکاتەوە ..

دایکم نایەتوو دەست بەڕومەوە دەنێت ..

من دێمەوە تا دواین حەسرەتی خۆمو

هەواڵی سەفەری ئازیزانم بۆ نیشتمان بێنمەوە ..

تائەم ئێوارەیە لێرەبم ..

لەتەنیشت هەناسەکانی دایکم

نزیك لەتوڕەیی باوکمەوە

تورەکەیەکی لێوانلێو

لەیادگاریەکانی منداڵیم پێیە بۆ بەخشینەوەی ..

بەڵام ئەسەف کە ئێمە

هەموو بەردی نێو دارلاسیکی منداڵەکانمان کۆکردەوە

تاچۆلەکەکانی پیٚ نەترسێنن

کەچی هەر فێری نیشتنەوە نەبووین ..

بەو هەموو گیرفانەوە کە پڕبوون لە (قۆپیا)

کەچی نەمانتوانی